عامری هێڕشەکەی جورف سەخری شەرمەزار کرد

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی هاوپەیمانی (نەبنی)، هادی عامری، حکومەتی عێراق هێڕشەکەی سەر هێزە ئەمنییەکانی لە جورف سەخری شەرمەزار کرد، کە بووە هۆی گیانلەدەستدان و برینداربوونی ژمارەیەکیان لە هایزە ئەمنییەکان، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو کارانە پێشێلکارییەکی ئاشکرای سەروەرییە. عامری ، لە راگەیندراوێکدا بڵاویکردەوەو: "بە توندترین شێوە ئیدانەی ئەو هێرشەی ئەمریکی دەکەین کە لە بەیانی دوێنێ و ئەمڕۆدا [illegible]کانی ئەمەیان لە کارەمەندانی هێزە ئەمنییە قارەمانەکاندا کردە ئامانج، کە بووە هۆیشەهیدکردن و بریندارکردنی ژمارەیەکیان". عامری وتیشی، "ئەم کارە ترسنۆکانە پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەری خاکی عێراقیە، هێرشێکی قەدەغەکراوە بۆ سەر کەرامەتی عێراقییەکان و بەڵگەی زیادە و ڕوون و بێ گومانە لەسەر درۆی ئیدیعای ئەمریکییەکان بۆ سنووردارکردنی بوونی خۆیان لە عێراق (بۆ ڕاوێژکاران و ڕاهێنەران). جەختیشی لەوە کردەوە "پێویستی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا و هەموو هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق دەستبەجێ، چونکە بوونی ئەوان دەبێتە هۆی ڕشتنی خوێنی هاوڵاتیانی عێراقی، دەبێتە هۆی تێکدانی دۆخی ئەمنی، و گێڕانەوەی عێراق بۆ چوارگۆشەی یەکێك لە نائارامی، جگە لەوەش ئەو ڕاستییەی کە بوونی ئەوان هیچ بەرگەکی نییە".